# ماچەکانی کچە مارێنزە چاوشینەکە

نەجات رۆستی
sosti@maktoob. com

دەمەو ئێوارەیەکی پڕ لەخرۆشی ئازادی، لەبەرامبەر گازینۆکەی نزیك باخی گشتی، ئوتومبیلێکی تازەیسەربازی لەبەردەم دوکانی میوەفرۆشەك وەستا، چەند سەربازێکی ئەمریکی لێیی دابەزین، دووانیان بەرەو دوکانەکان رۆیشتن، دیار بوو پێداویستیەیان هەبوو، حاجیتێرامانێکی قوڵ سەیری بۆ سەربازەکان هەبوو، زۆر ئارەزووی دەکرد خۆیانی لێ نزیك بکاتەوەوحەزی دەکرد بهاتنایەگازینۆکە بۆ ئەوەی چایەکی گەرمیان لەگەڵ خواردبوایەوە، سەربازەکان دوای ئەوەی هەندێ میوەیان کری، بردیانەوە لای ئوتومبیلەکە، جارێکی تر بەرەو گازینۆکە هاتنەوە، حاجی لەبەر خۆی ووتی دەفەرموو، چا بخۆن، بەهەلاو هەلاولەحاجی رەت بوون بەرەو دوکانی تری ئەو شەقامە چوونە خوارێ، حاجی هەر چاوی لەو سەربازە ژنە چاوشینو قژ زەردە بوو کەلەتەنیشت جێبەکە وەستا بوو چەند منالێك لەدەورەی بوون لەگەلیان پێ دەکەنی، حاجی هەر لەخۆی قسەی دەکرد خۆی بەقوربانی کچە سەربازە ئەمریکەیەکە دەکرد. . پاش ماوەیەك خۆی بۆ نەگیراو بەرەو لای جێبە سەربازییەکە کەوتە رێ، لەدوکانی میوە فرۆشەکە مۆزێکی کڕیو بەرەو لای سەربازە قژ زەردە جوانەکە کەوتە رێگا، کەلێی نزیك بوو بەخەندەیەکی زۆرەوە بەژنە سەربازەکەی ووت بەخێر بێی . . . . وڵاتان ئاوەدان کردەوە، کچە سەربازەکەی لەگەڵ دەست بەرزکردنەوەی حاجی تێگەیشت کەبەخێرهاتنی دەکات ئەویش بەپێکەنینەوە بەزمانی ئینگلیزی پێی ووت زۆر سوپاس، دوای ئەوەی لێی نزیك بووە سەربازە ژنەکە دەستی درێژکرد بۆحاجی تا تەوقەی لەگەڵ بکات. حاجیش لەخۆشیان خێراتر هەنگاوی هەڵێنادەستی خستە نێودەستی بەقایمی چەند جارێك دەستیرراوەشاندوپێی ووت بەخێر بێن ئیتر ئێمە و ئێوە ئەبین بەیەك ماڵ لەئەم وڵاتەبەیەکەوەدەژین، ئەمە وڵاتی هەموو ئەوکەسانەیە کەخەڵکی لەمەینەتی رزگار دەکەن، کچە چاوشینەکە زۆر بەدڵخۆشییەوە، لەگەڵ حاجی کەوتنە قسەکردن کەهیچیان لەیەکتری تێنەدەگەیشتن تەنها لەوەلەیکتریدەگەیشتن کەحاجی بەهاتنی ئەوان دڵخۆشەو ئەوانیش بەوپیشوازییە گەرمەدڵخۆش بوو، دوای ئەوەی حاجی تێگەیشت کەهیچی لێ حاڵی نابێت، ئەو مۆزەی بۆیهێنابوو لەناو عەلاگەرەشەکە دەرهێناو ویستی بیداتە سەربازە قەشەنگەکە، ئەویش رەتی کردەوەو ووتی بدە ئەو منالانە ئەویش لەئیشارەتەکانی تێگەیشت، حاجی سوێندی خوارد دەبێت بیخوات، لەناو ئەم کێشمە کێشمە دەی خۆیو نایخۆم، سەربازەکانی تر بەرەولای ئوتومبیلەکەگەرانەوە، کەحاجیان بینی بەگەرمییەوە دەستیان بۆ درێژکردو تەوەقەیان لەگەڵ کرد، دوای ئەوە ویستیان بڕۆن حاجی بەزۆری ووتی نابێت برۆن دەبێت لەئەم چایخانەیە چا بخۆنەوە ئەنجا بڕۆن، یەکێك لەسەربازەکانە زمانی عەرەبی دەزانیو لەکوردیش حاڵی دەبوو بەڵام بەباشی نا. . ناوە ناوە بەحاجی ئەووت زۆر زۆر سوپاس حەیاتم، حاجی رێگەی پێ نەدان تا بردنییە چایخانەکە سەرو چایەکیان خواردەوە سەربازە کچەکە هەر نەهات بۆ چایخانەکە ناچار حاجی خۆی چایەکی لەپەرداغ بۆ بردوو تاچایەکەی خواردەوە لەلای وەستا بۆ ئەوەی پەرداغەکە بباتەوە. . دوای گەرانەوەی بۆ گازینۆکە سەربازەکانی تر، بەسوپاسەوە لەبەری هەستان سوپاسی حاجیان کرد، حاجیش بەگەرمی بەڕێی کردنو تا. . لای ئوتومبیلەکە لەگەڵیان چوو، لەکاتی رۆیشتنیان سەربازە ژنە چاوشینەکە دەستی بۆ حاجی درێژکرد بۆ ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکات، حاجیش دەستی گرتو بەرەڕووی چوو دووماچیتەڕو. . توندی. . لەسەربازەکە کردو سەربازەکەش باوەشی لەحاجی وەرینا، پاش چەندچرکەیەك سەربازەکە لەحاجی جیابۆوەو بەسەیارەکەیان بەرەو ناو بازار کەوتنە رێگا، ئەم گفتوگۆیە زۆر سەرنجی راکێشام وویستم بەرەو لای حاجی بڕۆم تاچەند قسەیەکی لەگەڵ بکەم، بەڵام حاجی خۆی بەرەو لای گازینۆکەهاتەوەبەدلێکی غەمگینەوە، لەنزیکم دانیشتو جگەرەیەکی داگیرساند. . ووتم حاجی تۆ ئینگلیزی دەزانی، نا. . خوێندەواریشم نییە، ئەی چۆن لەگەڵ سەربازە ئەمریکیەکان قسەت دەکرد، ووتی: خۆزگە ئەمزانی، ئەگەر زمانم بزانیبایە ئەو سەربازە کچەم رازی دەکرد شووم پێ بکات. بۆئەوە. . نا کەلەگەڵ خۆی بمبات بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ ئەوەی لێرە بمێنێتەوە. . . ئەی چۆن هێشتی ماچی بکەی ئەو ماچەدەبێتەبیرەوەرییەك ئەگەر گەرایەوە ووڵاتەکەشی قەت قەت لەبیری ناچێتەوە ئەو ماچەی من دەبێتە هەوێنی لەیەکتر نزیك

بوونەوەی کوردو ئەمریکا. خۆزگە . . خۆزگە. . ئەو سەربازە ئەمریکیە رازی دەبوو شووم پێ بکات، هیچم لەو دونیایە نەدەویست، . دوای ووتی بۆکوێ دەڕوات هەر دەیبینمەوە. لەو دەمەدا ئوتومبیلێکی تری سەربازی بەبەردەممان ڕەت بوو حاجی هەڵسایە سەر پێیانو ووتی بەقوربانتان بم. لەمەو دووا بەجلی کوردی وەرن بۆ بازاڕ بۆئەوەی بیسەلمێنن کەئێمە هەموو نەتەوەیەکمان خۆش دەوێت. ووتم حاجی یێستا بەمارێنز وەرتبگرن دەیکەی؟ ئەریوەلا من ئەو هەموو شۆخەجوانەم لەگەڵ بێت بۆ هەرکونجێکی ئەم دونیایەم بنێرن نایەمەوە بەمەرجی بە هانای گەلانی ژێر دەستەوەبچین. .